# پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان
## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکاری

م.ی. تەحسین وسو عەبدوڵڵا
tahseen.wsu@su.edu.krd
قوتابی دکتۆرا و م.ی لە زانستە سیاسییەکان
زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کۆلیژی زانستە سیاسییەکان

پ.ی.د.ئەمین فەرەج شەریف
amin.sharif@su.edu.krd
مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین و بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی/ کۆلیژی زانستە سیسییەکان

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١
ڕەزامەندی بڵاو کردنەوە : ٢٠٢٥/٤/١٠

**پووختە**

پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەو مانایەی هەم لە ڕووی مێژووییەوە هەمیش لە ڕووی ستراکچەری کەلتوورییەوە، لەڕووی مێژووییەوە پرۆسەکە زۆر لە پێش دروست بوونی کیانی سیاسی/ دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان (پەرلەمان و حکومەت ١٩٩٢) دەستی پێکردووە و لە ڕێگەی ناسیۆنالیزم و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عێراق خۆی بەرجەستە کردووە، بەتایبەت لە دوای ئەوەی ئەو بەشەی کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ویستی دانیشتووانەکەی دەخرێتە سەر دەوڵەتی عێراق. لەڕووی ستراکچەریشەوە نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان زیاتر خۆی لە شوناسێکی تایبەت و جیاکراوە دەزانێت لە شوناسی دەوڵەتی عێراق و هیچ کاتێک خۆی وەک بەشێک لە شوناسی دەوڵەتی عێراق نەزانیوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت باس لە پرۆسەی نەتەوەسازیی بکەین لە هەرێمی کوردستان دەبێت پاشخانی مێژوویی پرۆسەکە لەبەرچاو بگرین. لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە خۆی لە خستنەڕووی چوارچێوەیەکی مێژوویی شیکاری پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان دەبینێتەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢ – ٢٠٠٥ بە پێی قۆناغە مێژووییەکان.

لەم چوارچێوەیەدا ئەم توێژینەوە ئامانجی سەرەکی شیکردنەوەی پرۆسەی نەتەوەسازییە لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ڕەهەندی مێژووییەوە. بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکەمان سێ تەوەری سەرەکیی لەخۆ دەگرێت. تەوەری یەکەم، خۆی لەخستنەڕووی چەمکەکانی نەتەوە، ناسیۆنالیزم، نەتەوەسازیی و هەروەها بنەما گشتگیر و سەرەکییەکانی نەتەوەسازییدا دەبینێتەوە، تەوەری دووەم، تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە ناسیۆنالیزمی کوردی و دروست بوونی ئەزموون و دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١، تەوەری سێیەم تەرخانکراوە بۆ خستەڕووی قۆناغەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان.

**وشە سەرەکییەکان: نەتەوە، ناسیۆنالیزم، هەرێمی کوردستان، نەتەوەسازیی.**

**١- پێشەکی:**

نەتەوەسازیی ستراتیژیەتێکە یاخود پرۆژەیەکە دەسەڵاتێك یان دەستەبژێرێك لەناو حکومەت، دەوڵەت یان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا بڕیار دەدەن جێبەجێی بکەن بە ئامانجی دروستکردنی گونجان و یەکڕیزی نەتەوەیی و نەهێشتنی پەرتبوون و لەتبوونی کۆمەڵگە. بۆ ئەمەش گروپ و کۆمەڵ و ئیتنیکەکان لە دەوری یەك کۆبکەنەوە و شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەش دروست بکەن. ئەم پرۆسەیە مەرج نییە تەنیا لە وڵاتێکدا پیادە بکرێت کە خاوەنی دەوڵەت بێت، بە پێچەوانەوە هەندێك جار نەتەوەسازیی پێش پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت دەکەوێت.

پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان تەنها پەیوەست نییە بە دروستبوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردسان، وەک دەرەنجامی ڕاپەڕینی ١٩٩١ و کشاندنەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە سنووری هەرێمی کوردستان، بەڵکو ڕەگوڕیشەی مێژوویی پرۆسەکە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دەگەڕێتەوە لە باشووری کوردستان. بۆیە پێویستە بەر لەوەی پرۆسەی نەتەوەسازیی دوای دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان باس بکرێت دەبێت ئاماژەیەک بۆ ڕابردوو یان مێژووی کورد وەک نەتەوە بخرێتەڕوو.

لە دوای دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، دامەزراوەکان شان بەشانی فاکتەرەکانی دیکەی پەیوەست بە ستراکچەر و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری بە ئاراستەی بنیاتنانی نەتەوە هەنگاویان هاوێشتووە. سەرەڕای هەموو سەختی و ئاڵنگارییەکان کە بەرەو ڕووی پرۆسەکە بوونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ئەو بنەما گشتیانەی بۆ پرۆسەی نەتەوەسازیی دیاری کراون، لە هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێن.

**١-١- ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی پرۆسەی نەتەوەسازییە لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دوای دروستبوونی هەرێمی کوردستان وەک دەسەڵاتی سیاسی و خستنەڕووی پرۆسەکە بەپێی قۆناغە مێژووییەکان.

**١-٢- گرنگی توێژینەوە:** پرسی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی کەم بۆتە جێگەی سەرنج بۆیە لەم ڕوانگەیەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ئەم پرسە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ زانین و دەستنیشانکردنی ڕوانگە و سیاسەتی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەربارەی ئەم پرسە.

**١ -٣- کێشە و پرسی توێژینەوە:** بەشێوەیەکی گشتی کێشە یان گرفتی توێژینەوەکەمان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان وابەستەی کۆمەڵێک فاکتەری جۆراوجۆرە، فاکتەرەکانیش فرەڕەهەند و هەڵگری خەسڵەتی جیاجیان بەپێی قۆناغە مێژووییەکان لە دوای دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش وایکردووە پرۆسەکە لە ڕووی مێژووییەوە دابەشی سەر چەندین قۆناغی مێژووی بکرێت، جیاکردنەوەی قۆناغە مێژووییەکانیش بۆ توێژەر وەک گرفت بەدیدەکرێت لەبەردەم توێژینەوەکە. لەم چوارچێوەیەشدا پرسی سەرەکی توێژینەوە پەیوەستکراوە بە خستنەڕووی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان لە چوارچیوەی چەند قۆناغێکی مێژوویی کە هەر قۆناغێک کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە و لەسەر بنەمای ئەم تایبەتمەندییانە پرۆسەی نەتەوەسازیی خراوەتەڕوو.

**١-٤- گریمانەی توێژینەوە:** گریمانەی توێژینەوە بریتییە لەوەی کە پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان لە دوای دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی وەک پرۆسە چوارچێوەیەکی تەواو و دیاریکراوی وەرنەگرتووە، بەو مانایە فۆڕمی

sjh@univsul.edu.iq

نەتەوەسازیی تا ئێستا بە تەواوی جێگیر نەبووە بەڵکو بە چەندین قۆناغی جیاواز و ئاستەنگ و هەڵبەز و دابەزدا تێپەڕیوە، بە جۆرێک لە هەندێک قۆناغدا پرۆسەکە گەشەی پێدراوە، کەچی لە هەندێک قۆناغی دیکە پرۆسە پاشەکشەی کردووە.

**١-٥- میتۆدی توێژینەوە:** بەشێوەیەکی گشتی بابەتی لێکۆڵینەوە توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە (Qualitative Research) واتە لەسەر بنەمای چۆنایەتی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە دەربارەی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان (چوارچێوەیەکی مێژوویی شیکاری). لەم چوارچێوەیەشدا **ڕێبازی وەسفی - شیکاری؛( المنهج الوصفي التحليلي):** سود لەم ڕێبازە وەرگیراوە، بۆ وەسفکردنی ڕووداو و دیاردە جیاجیاکان، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانیاریەکان، بەتایبەتی سود وەرگرتن لەو بەڵگانەی پەیوەست بوون بە بابەتی لێکۆڵینەوە.

توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدەست خستنی زانیارییەکان پشتی بە سەرچاوە سەرەکییەکان وەک پەرتووکخانەکان (فەرمییەکان، ئەلیکترۆنییەکان)، توێژینەوە تایبەتمەندەکان و وتارەکانی بەردەست لە وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان و ڕاپۆرت و بڵاوکراوەکانی ناوەندەکانی توێژینەوە، بۆچوون و دیدگای کەسانی ئەکادیمیش بە هەند وەرگیراوە. لەڕووی زمانیشەوە هەر یەکە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی و تاڕادەک زمانی تورکیش سوودی لێبینراوە.

**١-٦- پەیکەری توێژینەوە:** بەگشتی ئەم توێژینەوە لە پێشەکییەک و سێ باسی سەرەکی و دەرەنجامێک پێکهاتووە. تەوەری یەکەمی توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی هەریەکە لە چەمکەکانی نەتەوە، ناسیۆنالیزم، نەتەوەسازیی و دەوڵەتسازیی، تەوەرەی دووەمی توێژینەوە لە دوو باسدا ناسیۆنالیزمی لە چوارچێوەیەکی میژوویی وەک بنەما و ڕەگوریشەی گرێدراو بە پرۆسەی نەتەوەسازیی و چۆنیەتی دروسبوونی هەرێمی کوردستان وەک دەسەڵاتی سیاسی شیکراوتەوە، لە تەوەری سێیەمی توێژینەوە قۆناغەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان لە دوای دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی خراوەتەڕوو، هەروەها لە کۆتاییدا ئەو دەرەنجامانە باسکراون کە لە میانی توێژینەوەکە بەدەستهاتوون.

**٢- خستنەڕووی چەمکەکان**

خستنەڕووی چەمکەکانی نەتەوە، ناسیۆنالیزم، نەتەوەسازیی و دەوڵەتسازیی وەک چوارچێوەیەک کە پەیوەستن بە ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ بابەتی توێژینەوە و تێگەیشتن لە چەمکەکان و هەروەها دەبێتەوە هۆی ئەوەی لێکدانەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە ڕووی ئەکادیمی و زانستییەوە بەهێزتر بێت.

**٢- ١- خستنەڕووی چەمکەکان**

نەتەوەسازیی چ وەک چەمک، چ وەک پرۆسە پەیوەستە بە کۆمەڵێک چەمکی تر کە بەستێن و پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ نەتەوەسازیی هەیە. ئەمەش وا دەکات بەر لەوەی باس لە خودی چەمکەکە بکرێت پێویستە چەمکەکانی نەتەوە، ناسیۆنالیزم بخرێنە ڕوو، دواتر چەمکی نەتەوەسازیی باس بکرێت، پاشان چەمکی دەوڵەتسازییش ڕوون بکرێنەوە. لە خوارەوە ئەم چەمکانە لە چوارچێوەی ڕەهەندی پەیوەندیدار بە چەمکی نەتەوەسازیی باسکراون.

**٢- ١- ١- چەمکی نەتەوە**

وشەی نەتەوە لە زمانی ئینگلیزیدا لەبەرامبەر وشەی (nation) بەکاردێت، کە لە بنەڕەتدا لە (nasci)ی لاتینی وەرگیراوە، کە بە واتای لە دایک بوون دێت، لە ئەدەبیاتی زمانی فەرەنسیشدا بە (Nacion) بە واتای نەژاد یان ڕەگەز دێت. لە زمانی لاتینیشدا وشەی "nationem" ئاماژەیە بۆ ڕەچەڵەک یان ڕەگەز. بەم شێوەیە نەتەوە وەک بیرۆکەی خوێن

و ڕەچەڵەکی هاوبەش بەدیدەکرێت(Sills and others, 1972: P8). لە زمانی عەرەبیدا لە بەرامبەر وشەی (nation)، وشەی (الامة) یان (القوم) بەکاردێت (مؤسسة أعمال الموسوعة، 1990: ص693).لە ئەدەبیاتی زمانی عەرەبیدا، چەمکی نەتەوە بە واتای کۆمەڵە خەڵکێک دێت کە بەیەکەوە دەژین لە چوارچێوەی سنووری خاکێکی دیاریکراودا، کۆمەڵێک خەسڵەتی هاوبەش بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە، وەک ویستی هاوبەش، زمانی هاوبەش، ڕەگەز/نەژادی هاوبەش، ئایدیۆلۆژیا و بیر و باوەڕی هاوبەش، ئایینی هاوبەش، لە چوارچێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو پەیوەندییەکانیان ڕێک دەخەن لەسەر بنەمای خەسڵەتە هاوبەشەکان(زيتون، 2006: ص45).

ئینسایکلۆپیدیای سیاسی (١٩٩٠)، نەتەوەی وەک گرووپێکی مرۆیی پێناسە کردووە کە لە ڕێگەی قۆناخی مێژووییەوە دروست بووە، ئەمەش بووەتە هۆی هەستکردن بە کەسایەتی و بەرژەوەندی نەتەوەیی یەکگرتوو بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە(الكيالي، 1990: ص305). واکەر کۆنۆرWalker Connor (١٩٢٦ - ٢٠١٧) لەو بڕوایەدایە پێناسەکردنی چەمکی نەتەوە قورسە بە بەراورد لەگەڵ چەمکی دەوڵەت، لەبەر ئەوەی سروشتی پەیوەندی نێوان پێکهاتە و تایبەتمەندی نەتەوە پەیوەندییەکی دەروونییە، ئەمەش وەسفکردن و پێناسەکردنی نەتەوە قورس دەکات( Connor, 2006: P30).

ئێرنێست ڕێنان Ernest Renan(١٨٢٣ – ١٨٩٢) مێژوونووسی فەرەنسی لە وتارێکدا بەناوی "نەتەوە چییە؟"کە لە ساڵی 1882 لە زانکۆی سۆربۆن پێشکەشی کرد بە وردی باس لە نەتەوە دەکات و دەڵێت نەتەوە لەسەر دوو بنچینە یاخود کۆڵەکە وەستاوە؛ یەکەم، یادەوەری و ڕابردووی هاوبەش لە ژیانی کۆمەڵە خەڵکێک. دووەم، ئیرادەی بەیەکەوە ژیانی هەمیشەیی لە نێوان کۆمەڵە خەڵکێک (Renan, 1990: P9-20). هەروەها ڕێنان نموونە بە فەرەنسا دەهێنێتەوە دەڵێت هەموو فەرەنسا دە خێزانت دەستناکەوێ بتوانێت بەڵگەی ڕوونی نەژادی خۆی پیشان بدات. کارەسات و شکست ڕۆڵیان هەیە لە دروستبوونی یەکێتی نەتەوەیی، ڕێنان نموونە بە ئیتاڵیا و دەوڵەتی عوسمانی دەهێنێتەوە و دەڵێت: هەموو شکستەکان ئیتاڵیای بەرەو سەرکەوتن بردووە و سەرکەوتنەکانیش دەوڵەتی عوسمانیان بەرەو لەناوچوون بردووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیتاڵیا نەتەوەیە و دەوڵەتی عوسمانی نەتەوە نییە، بەڵکوو چەندین نەتەوەی تەواو جیاواز لە ڕووی یادەوەری و کۆژانەوە تێدا کۆببوونەوە لە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژیا یان شارستانیەتێکی ئایینی (ڕێنان، ٢٠٠٩: ل٥٦-٥٧).

ئاساییە ئەگەر هزرمەندان و توێژەران کۆک نەبن لەسەر دیاریکردنی پێناسەیەکی یەکگرتوو یان چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ چەمکی نەتەوە، چونکە چەمکی نەتەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە فاکتەرە خودیی و ناوەکییەکانی تاک یان گرووپەوە یە،سەرەرایی ئەوەی کۆمەڵێک فاکت و ڕەگەز هەن کە بنەمای سەرەکی نەتەوە پێکدەهێنن.

**٢-١-٢- چەمکی ناسیۆنالیزم**

ناسیۆنالیزم وەک دیاردە بەرهەمی شۆڕشی هزرییە کە لەدوای دروستبوونی دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوە هاتووەتە ئاراوە. ناسیۆنالیزم پرسێکی گرنگ و پڕبایەخی نەتەوە و گەلانی جیهانە کە وابەستەی تەواوی پەیوەندییەکانی نێوان تاک و گرووپ لەگەڵ کۆمەڵگە، بە مەبەستی دروستکردنی یەکەیەکی سیاسی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەش، جا ئەو تایبەتمەندییانە پەیوەندییان بە خاک، مێژوو و کەلتووری هاوبەشەوە بێت یانیش پەیوەندیی بە لایەنی ڕۆحی، زمان و ئیتنیکەوە هەبێت.

sjh@univsul.edu.iq

ئەگەرچی نەتەوە (Nation) و ناسیۆنالیزم (Nationalism) وەک دوو چەمکی پەیوەست بەیەکەوە بەکاردێن، بەڵام لەڕووی تێگەیشتن و ناوەڕۆکەوە لە یەکتر جیاوازن. نەتەوە خۆگرییەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ناسیۆنالیزم بەستێنێکی کۆمەڵایەتی – سیاسییە(Socio - Politic) (عەبدولخالق، ٢٠٠٨: ل٤٩٣). ناسیۆنالیزم، ئایدیۆلۆژیایەکە بە واتای دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ میللەت، دەرکەوتنی هۆشیاری نەتەوەیی، شکۆمەندکردنی نەتەوەیەک لە سەرووی هەموو ئەوانی ترەوە دێت، هەروەها گرنگیدانێکی سەرەتایی لەسەر بەرەوپێشبردنی کەلتوور و بەرژەوەندییەکانی یەک نەتەوە نەک نەتەوەکانی دیکە یان گرووپە سەروو نەتەوەییەکان، واتە دانانی نەتەوە لە سەرووی هەموو شتێکەوە لە جیهاندا (هالیدای، ٢٠٠٨: ل١٨٧).

ئەنتۆنی دی سمیس، ناسیۆنالیزم بە بزاڤێکی ئایدیۆلۆژی دەزانێت کە ئیلهامبەخشی سیمبولیزمی نەتەوەیە، بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی سەربەخۆیی، بە ئامانجی یەکخستن و دروستکردنی شوناسی هاوبەش (Smith, 2009: p61). سیمس لە پەرتووکی (شوناسی نەتەوەیی National Identity) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ناسیۆنالیزم پەیوەستە بە شوناسی کەلتووری و بەستێنی سیاسی، واتە گرووپێک کە پەیوەندییەکی دیاریکراوی لە نێوانیاندا هەیە و مانا سیاسییەکەی پەیوەستە بە چەمکی نەتەوەوە، واتە گەلێک کە شوناسێکی تایبەتی هەیە بە چەندین پەیوەندی بابەتی و مەعنەوی بەستراوەتەوە، لەوانەش ناوێکی کۆکراوی ناسراو، ئەفسانەی نەژادی، یادەوەریی مێژوویی هاوبەش، کەلتووری هاوبەش، خاک، هاوبەندی (Smith, 1991: p21). هەروەها سمیس لە پەرتووکی (ناسیۆنالیزم لە سەدەی بیستەم Nationalism in the Twentieth Century)، پێی وایە ناسیۆنالیزم چوار توخمی سەرەکی لەخۆدەگرێت ئەوانیش؛ دیدگا، کەلتوور، سۆلیدارێتی/هاوبەندی و سیاسەت، ئەم توخمانەش وەک وەڵامدانەوەی ئایدیۆلۆژی، کەلتووری و کۆمەڵایەتییە بۆ دەستەبەرکردنی خواست و پێداویستییە سیاسییەکان (Smith, 1979: 94).

ئەزموونی مێژوویی گەلان پیشانی داوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان پێکهاتەی زمانی ئەدەبی و دەرکەوتنی هۆشیاری نەتەوەیی هەیە. بێندیکت ئەندەرسۆن Benedict Anderson مێژوونووس و مامۆستای زانستە سیاسییەکان(١٩٣٦ - ٢٩١٥)، پێی وایە زمانی ئەدەبی لە هەندێ وڵاتی ئەورووپادا ڕێگەی بۆ دەرکەوتنی هۆشیاریی نەتەوەیی و ناسیونالیزم و پێکهێنانی دەوڵەت نەتەوە خۆشکرد (اندرسن، 1995، ص 26).

مێژوونووسی ئەمریکی کاڵتۆن هایس Carlton Joseph Huntley Hayes (١٨٨٢ - ١٩٦٤)، پێی وایە چوار فاکتەری سەرەکی ڕەگ و ڕیشەی ڕابوونی نەتەوەیی لە سەدەی هەژدەم پێکهێناوە: سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی ڕەسەنی نەتەوەکان و لاوازبوونی نەریتی ناوچەگەرێتی، دەرکەوتنی دەوڵەت نەتەوە، گەشەسەندنی پیشەسازیی کشتوکاڵ و گۆڕینی ئابووری سەندیکای بۆ ئابووری دەوڵەتی و لاوازبوونی ڕۆڵی کەنیسە و دابەشبوونی ئایینی مەسیحی بۆ مەزهەبی پرۆتستانتی و کاسولیکی (Hayes, 1929: p31-46).

کەواتە، ناسیۆنالیزم وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پسپۆڕ و شارەزایان دیدگای و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە دەربارەی چۆنیەتی پێناسەکردنی چەمکەکە و دیاریکردنی توخمە پێکهێنەرەکانی، ئەمەش پەیوەستە بە ژینگە و سەردەمە جیاوازەکان لەلایەن ئەوانەی هەوڵیانداوە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ چەمکەکە بخەنە ڕوو، بۆیە ئاساییە ئەگەر کۆبەندییەکی هاوبەش بەدی نەکرێت لەلایەن توێژەر و هزرمەندانەوە بۆ چەمکەکە.

**٢-١-٣- چەمکی نەتەوەسازیی**

sjh@univsul.edu.iq

نەتەوەسازیی دیاردەیەکی نوێیە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گەشەسەندنی هزری نەتەوەیی و بنیاتنانی دەوڵەت نەتەوە هەیە. بەگشتی نەتەوەسازیی پرۆسەیەکە بەکاردێت بۆ پەرەپێدانی دامەزراوە سیاسی، ئابووری، ئەمنی و کۆمەڵایەتییەکان.

نەتەوەسازیی وەک تیۆر، یەکێکە لەو تیۆرییە سیاسی-کۆمەڵایەتییانەی مامەڵە لەگەڵ لایەنێکی گرنگی پرۆسەی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی دەکات لە کۆمەڵگە(الهاشمي، 2007 )، بەڵام نەتەوەسازیی وەک چەمک مانایەکی فراوانتر و قووڵتری هەیە لە نەتەوە، بە جۆرێک دەکرێت نەتەوەسازیی گوزارشت بێت لە پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی - سیاسی(Socio - Political)، دروستکردن و لەخۆگرتنی کۆمەڵگە، بە ئامانجی دەستەبەرکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ ڕەچاوکردنی جیاکاری، بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت چەندین ئامراز بەکاربهێنرێت، وەکوو یەکانگیریی (Integration) ئابووری و کەلتووریی، بە ناوەندیکردنی سیاسەت، بە دیموکراتیزەکردن و مافی هاووڵاتیبوون و بەرژەوەندی هاوبەش. لە لایەکی دیکە، نەتەوەسازیی گوزارشتە لە ئامانجێکی سیاسی، یاخود ستراتیژێکە بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێکی سیاسی. بۆیە ئەکتەرەکان چ لە ناوخۆ یاخود دەرەوە، لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتێک یاخود کیانێکی سیاسی دیاریکراو، هەوڵی گەیشتن دەدەن بەم ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دەدەن (Hippler, 2005: p7). ئەنتۆنی دی سمیس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سیمبۆل و هێماکان لە بنیاتنانی ستراکچەری کۆمەڵایەتی (Social Structure) لە کۆمەڵگە و توخمی سەرەکییە بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە نەتەوەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن. ئەمەش بۆ دورستکردنی هۆشیاری هاوبەش و یادەوەری هاوبەش یارمەتیدەر بووە، کە بنەمای سەرەکی نەتەوەسازیی پێکدەهێنن (سمیس، 2014: ص56).

فرانسیس فوکۆیاما Francis Fukuyama (١٩٥٢ -)، پرۆسەی نەتەوەسازیی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "دروستکردنی شوناسی نەتەوەییە کە وا لە تاکەکان دەکات هۆگریان هەبێت و بەمجۆرە شوناسی نەتەوەیی جێگەی هۆگری خێڵەکی و ئایینی و ئیتنیکی دەگرێتەوە، ئەمەش خۆی لە دروستکردنی شتە نامادییەکان دەبینێتەوە وەک نیشتمانپەروەری، نەریت و هێما هاوبەشەکان، نەریت و یادەوەری مێژووی هاوبەش"(Fukuyama, 2014: p185).

ئەگەرچی لەڕووی مێژووییەوە نەتەوەسازیی ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش مۆدێرن و دەوڵەتی مۆدێرن، بەڵام لە ڕووی چەمکەوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، زیاتر گەشەی پێدراوە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەتایبەت کاتێک چەمکی نەتەوە دوورکەوتەوە لە مانا نەژادییەکەی و چوارچێوەیەکی فراوانتری وەرگرت (Hobsbawm, 2017: s57-66).

کەواتە، بنیاتنانی نەتەوە/نەتەوەسازیی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و درێژخایەنە، سروشت و بونیادی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کەلتووری و ئابووری کۆمەڵگە دیاریدەکات کە پرۆسەکە بە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەنجامدەدرێت. بۆیە پرۆسەی نەتەوەسازیی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، ئەگەرچی کۆمەڵێک بنەمای گشتی هەن بۆ بونیاتنانی پرۆسەکە. دەربارەی پێناسەکردن بۆ چەمکی نەتەوەسازیی پسپۆڕان هاوڕانین، بەڵکو هەر یەکەیان لەڕوانگەیەکەوە پێناسە بۆ چەمکەکە دەکەن، لە ئەدەبیاتی ئەمریکییەکاندا نەتەوەسازیی و دەوڵەتسازیی بەیەک شێوە پێناسەی دەکەن و لەو بڕوایەدان پەیوەستە بە گەشەسەندنی ئابووری و برەودان بە دیموکراسی، ئەمەش لە ئەزموونە مێژووییەکەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام توێژەرە ئەوروپییەکان ئەم دوو لەڕووی مانا و ناوەڕۆکەوە چەمکە لە یەکتر جیادەکەنەوە.

**٢-١-٤- چەمکی دەوڵەتسازیی**

sjh@univsul.edu.iq

چەمکی دەوڵەتسازیی، ئاماژەیە بۆ پرۆسەی سیاسی و مێژوویی دروستکردن و چەسپاندنی دامەزراوەیی و سەقامگیری و گەشەسەندن. دەوڵەتسازیی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دامەزراوەکان و چۆنیەتی بەهێزکردنی ئەو دامەزراوانە هەیە کە بنەمای سەرەکی سیستەمی سیاسی پێکدەهێنن لە هەر دەوڵەتێک دابێت.

ئەگەرچی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان چەمکی نەتەوەسازیی و دەوڵەتسازیی بە دیدەکرێت، تەنانەت زۆر جار وەک یەک گوزارشتی لێ دەکرێت، بەتایبەت لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی نووسەرانی ئەمریکییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دوو چەمکەکە لە ڕووی ناوەڕۆک و گوزارشتەوە جیاوازیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە.

لەڕوانگەی فۆکۆیاما چەمکی دەوڵەتسازیی لەگەڵ چەمکی نەتەوەسازیی جیاوازە، دەوڵەتسازیی گوزارشتە لە پرۆسەی بەهێزکردنی دامەزراوەکان کە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان توانا و کارامەییان هەبێت، کە مەبەستی سەرەکی گەیشتنە بە سەقامگیری سیاسی. بەڵام نەتەوەسازیی زیاتر بەیەکەوە گرێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، واتە بابەتی بنیاتنانی شوناسێکی یەکگرتوو کە سەرجەم گرووپ و پێکهاتەکان لە خۆبگرێت ( Fukuyama, 2004: p38). پرۆسەی نەتەوەسازیی، لەڕوانگەی سیمس تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازە لە دروستکردنی دەوڵەت، چونکە دەوڵەت دەشێت بەبێ سەرچاوەی یادەوەری دابمەزرێت، بەڵام نەتەوەسازیی پێویستی بە یادەوەریی هاوبەشە بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ هاوولاتی کە دابەشبووە بەسەر چەندین شوناسی جۆراوجۆر، بۆ ئەوەی ئەو چوارچێوە گشتییە ببێتە هۆی سەرچاوەی شانازی و شکۆ و چارەنووسێکی هاوبەش (Smith, 1996: p371-388).

چەمکی دەوڵەتسازیی لە دوای جەنگی دووەمی جیهان زیاتر بەکارهێنراوە، کە هاوکات بوو لەگەڵ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتان، بە مەبەستی بونیاتنانی دامەزراوەکان، گەشەپێدانی ئابووری، سیاسی، کەلتووری، دەستەبەرکردنی سەقامگیری و ئاسایش و ڕزگاربوون لە کۆلۆنیالیزم (.Bertrand, 2014: p 2506).

فۆکۆیاما دەوڵەتسازیی بە واتای " بەهێزکردنی دامەزراوەکانی ئێستا و بنیاتنانی دامەزراوەی نوێی چالاک و خاوەن توانا، کە بتوانێت خۆی بە ڕێوە ببات، لە بەرجەستەکردنی ئاسایش و سیستەم، دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی لەسەر ئاستی ناوخۆیی دەوڵەت، بەرگریکردن لە دەوڵەت لە بەرامبەر دەستدرێژییەکان لەسەر ئاستی دەرەوە بەکاردەهێنرێت" (فوکویاما، 2007 : ص 11). بیرمەند و ئەکادیمیسیەنی ئەمریکی سامیۆل هانتنگتن Samuel Phillips Huntington (١٩٢٧ - ٢٠٠٨)، پێیوایە هۆکاری سەرەکی توند و تیژی و ناسەقامگیری پەیوەستە بە شکستی پرۆسەی دەوڵەتسازیی کە دەرەنجامی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە خێراکان و جووڵەی گرووپە نوێیەکانە لە بواری سیاسیدا، لە کاتێکدا پێشکەوتنی دامەزراوەکانی بە شێوەیەکی لەسەرخۆیە، بۆیە ناتوانێت لەبەرامبەر ئەو تەوژم خێرایەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خۆی ڕابگرێت، دەرەنجام دەوڵەت بەرەو ڕووی شکست دەبێتەوە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا (هنتجتون، 1993: ص7-10).

کەواتە، پرۆسەی دەوڵەتسازیی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە توانای دامەزراوەکان هەیە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بە جۆرێک کە لە خزمەت یەکانگیریی کۆمەڵگە دابێت جا لەڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی یان کەلتوورییەوە بێت. لەم ڕوانگەیەشەوە پرۆسەی دەوڵەتسازیی بۆ پاراستنی سنوورەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان مامەڵە لەگەڵ بنەما دامەزراوەییەکان دەکات.

sjh@univsul.edu.iq

**٣- ناسیۆنالیزمی کوردی و دروستبوونی ئەزموونی هەرێمی کوردستان**

لەم باسەدا ئەوەی مەبەستمانە بخەینەڕوو بزافی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕووی مێژووییەوە، هەروەها چۆنیەتی دروستبوونی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی.

**٣-١- بزافی ناسیۆنالیزمی کوردی**

ئەگەرچی تا ئێستا توێژەران کۆک نین لەسەر دیاریکردنی دەستپێکی مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی، بەڵکو بیرۆکەی جیاواز هەیە لەم بارەوەیە(سەعید، ٢٠٠٣:ل٦٠). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەو توێژەر و نووسەرانەی لێکۆڵینەوەیان دەربارەی ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزمی کوردی کردووە، شاعیر و ڕووناکبیری کورد ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ - ١٧٠٧) بە باوکی نەتەوەخوازیی و ناسیۆنالیزمی کوردی دەزانن (فندي، 2008: ص12). خانی لە داستانی "مەم و زین" بە ڕوونی ئاماژە بە ئازادی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دەکات لە بەرامبەر تورکەکان و فارسەکان (Bruinessen, 2003:p40). لەم چوارچێوەیەشدا نوسەر و لێکۆڵەری کورد فەرهاد شاکەلی لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەناونیشانی (ناسیۆنالیزمی کوردی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا، ١٩٨٣)، سەرەتای دیاردەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدە، کە تێیدا بناغە و شێوەی ناسیۆنالیزمی کوردی داڕێژراوە لەلایەن ئەحمەدی خانی. هەروەها نوسەر و بیریاری کورد ئەمیر حەسەن پور (١٩٤٣ - ٢٠١٧) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو سەردەم مەبەستی خانی ئەوە نەبوو کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی دابمەزرێت (ئەمین، ٢٠٠٦: ل١٩-٢١). چونکە ئەو کات ئەو شێوە دەوڵەتە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بوونی نەبوو، ئەوەی خانی مەبەستی بوو زیاتر لە شێوەی دەوڵەتی عوسمانی بوو (براونێس، ٢٠١٧: ل٩٣). دوای خانی، شاعیر و ڕۆشنبیری کورد حاجی قادری کۆیی (١٨١٧ - ١٨٩٧) یەکێکە لەوانەی کە لە بەرهەمەکانییدا پرسی ناسیۆنالیزم ڕەنگیداوەتەوە. کۆیی لە بەرهەمەکانیدا داوا لە میرنشینە کوردییەکان دەکات یەکبگرن بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاری لە زمان و کەلتووری خۆیان بکەن. ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە زمان و نووسینی کوردی لەو سەردەم پشتگوێ خرابوو لە بەرامبەر زمان و نووسینی فارسی و تورکی (Saeed, 2008: p18-19).

بەپێی تێڕوانینەکانی فەرید هالیدەی لێکۆڵەر و ئەکادیمسییەنی ئێرلەندی (١٩٤٦ - ٢٠١٠) و عەباس وەلی، ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئەنجامی پێکهێنانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە ناوچەکەدا سەریهەڵداوە. ئەمەش تەنها لەبەر ئەوە نییە کە دەوڵەتە تازە پێکهاتووەکان ناسنامەی هەڵبژێردراوی خۆیان بەسەر دانیشتووانەکانیاندا سەپاند، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە بیرۆکەی دروستکردنی دەوڵەتەکانی خاکی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە، ئامانجی ئەوە بوو کە کورد بێبەش بکەن لە قەوارەیەک یان دەوڵەتێکی تایبەت بە نەتەوەی کورد (Kaya, 2012: p36).

بەپێی تیۆری ناسیۆنالیزمی نوێ دوو فاکتەر دەبنە پێشمەرج بۆ پرسی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ناسیۆنالیزم، ئەوانیش، پرۆسەی نوێخوازی، ڕیفۆرمی کۆلۆمەتی، سیاسی و پیشەسازییە. ئەم دوو فاکتەرەش لە ناوچە کوردنشێنەکانی کە خاکی کوردی بەسەر دابەشکراوە، دەسەڵاتی ناوەندی لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، هەمیشە کاری لەسەر ڕێگریکردن لە پێشکەوتنی پیشەسازی کردووە، بۆیە ناوچە کوردنشینەکان لەڕووی پیشەسازییەوە لاواز بوونە، ئەمەش هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ناوچە کوردنشینەکان کەمتر کۆمپانیا گەورەکانی تێدا بووە، کە لەلایەن دەوڵەتانی کوردستان بەسەر دابەشکراو وەک سیاسەتی لاوازکردنی ناسیۆنالیستی کوردی بەدیکراوە (طاهر، ٢٠٢٤: ل٢١١-٢١٢).

ناسیۆنالیزمی کوردی خاوەن فۆرمێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە چەندین جۆری ناسیۆنالیزم، لەوانە؛ ناسیۆنالیزمی هزری و ئەدەبی، لۆکاڵی، دەستەبژێری سیاسی، بەرگریکارانە و ئیتنیکی. لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیزمێکی گشتی نەتەوەیی لە نێو مێژووی بزاڤی نوێ و مۆدێرنی کوردی بەدیناکرێت کە گوزارشت لە سەرجەم نەتەوەی کورد بکات، بەڵکو مێژووی هاوچەرخی ناسیۆنالیزمی کوردی پێکهاتووە لە سێ بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا (Bengio, 2014: p4).

**٣-٢- دورستبوونی ئەزموونی سیاسی لە هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کوردستان وەک دەسەڵاتی سیاسی پەیوەستە بەو دۆخە نێو دەوڵەتییەی کە لە دوای جەنگی داگیرکردنی کوێت لەلایەن رژێمی بەعس و پاشان شکست پێکهێنانی سوپای عێراق و دەرپەڕاندنی لە کوێت لەلایەن هاوپەیمانەوە، هاتە ئاراوە. ئەو جەنگە هاوکات بوو لەگەڵ رووخانی سیستەمی دوو جەمسەری و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ، کۆتایی هاتنی جەنگی سارد. ئەم دۆخ نوێیە بۆ کوردستانی عێراق، هاوکات لەگەڵ ئەو یەکگرتووییە سیاسییەی لە نێوان حیزبە سیاسییەکان لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانییدا دروست ببوو، هۆکاری سەرەکی بوو لەوەی کە خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە بۆ رەتکردنەوەی دەسەڵاتی رژێمی بەعس لە هەرێمی کوردستان. راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دەرفەتێکی لەباری رەخساند بۆ ئەوەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت.

کۆتایی هاتنی شەڕی سارد لە سەرەتای ١٩٩٠کانی سەدەی رابردوو هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی سیستەمێکی نوێ جیهانی، بە سەرکردایەتی و باڵادەستی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە چوارچێوەی ئەم سیستەمە نوێیەشدا پرسی مافی مرۆڤ وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی بەدی کرا. ئەم گۆڕانکارییەش لە سیستەمی نێودەوڵەتی هاوکات بوو لەگەڵ هێرشی سەربازی رژێمی پێشووی عێراق بۆ سەر کوێت لە ٢ی ئابی ١٩٩٠، ئەم هێرشەی عێراق بۆ سەر کوێت کاردانەوەی نێودەوڵەتی و ناوچەیی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. لە ماوەی کەمتر لە مانگ و نێویَک توانرا سوپای عێراق پاشەکشە پێ بکەن (Kakarash, 2020: p26-27).

ئەم رووداوانە هەم لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەمیش لەسەر ئاستی عێراق بۆ کوردی عێراق سەرەتایەکی گرنگ بوو، بۆ ئەوەی بتوانن سوود لەو دەرفەتە تازەیە وەربگرن. کوردی عێراق پێش دوو ساڵ بەرەیەکی سیاسییان پێکهێنابوو بە ناوی (بەرەی کوردستانی)، لە ٢ی مایسی ساڵی ١٩٨٨ کە هەشت پارت و رێکخراوی کوردستان لە خۆگرتبوو. یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ئەم بەرەیە بریتی بوو لە خۆ ئامادەکردن بۆ سەرکردایەتی جەماوەری کوردستان دوای ئەو دۆخەی کە لە ئەنجامی دەرپەڕاندنی سوپای عێراق لە کوێت لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانە هاتبووە ئاراوە (گالبرێت، ٢٠٠٦: ل٢٠٦). ەمەش بووە هۆی ئەوەی راپەڕین لە دژی رژێمی بەعس لە ناوچەکانی باشووری عێراق دەستپێبکات. لە باشووری کوردستانیش بە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لە ٣/٥ تاکو ٣/٢١ی ١٩٩١ زۆربەی ناوچە کوردستانییەکان ئازاد کران بە شاری کەرکوکیشەوە. دوای ماوەیەک رژێمی بەعس توانی راپەڕینی جەماوەری لە باشووری عێراق دابمرکێنێتەوە، لە هەرێمی کوردستانیش شارە گەورەکانی کۆنتۆڵ کردەوە، ئەمەش کۆڕەوی ملیۆنی خەڵکی هەرێمی کوردستان لێ کەوتەوە لە نیسانی ١٩٩١، کە بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا کۆچیان کرد. ئەم کۆڕەوە کارەساتی مرۆیی بە دوای خۆیدا هێنا و رای گشتی جیهانی هەژاند ( Wanche, 2002: p47).

sjh@univsul.edu.iq

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە سەر داوای سەرۆکی ئەوکاتی فەرەنسا دانیال میتران (١٩٢٤ – ٢٠١١ Danielle Mitterrand,)، هەوڵە نێودەڵەتی و هەرێمییەکان لە ٤ی نیسانی ١٩٩١ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (United Nations Security Council ) بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی دەکرد، بۆ دیاری کردنی ناوچەی دژە فڕین(No-Fly Zones). بەپێی بڕیارەکە، هێڵی (٣٦) دیاری کرا بۆ هەرێمی کوردستان و هێڵی (٣٢) بۆ ناوچەکانی شیعەنشێن لە باشووری عێراق، لەناوەڕۆکی بڕیارەکەدا هاتبوو کە ئەم ناوچانە هاتووچۆی فڕۆکە و سوپای عێراقی لێ قەدەغە کرا (سەنگاوی، ٢٠١٤: ل٨٠٨). حکومەتی عێراقی لە پێناو دروستبوونی بۆشایی کارگێریی و یاسایی، لە ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ بڕیاریدا دامودەزگا کارگێرییەکانی لە باشووری کوردستان بکشێنێتەوە، بەڵام بەرەی کوردستانی کاروباری فەرمانگەکانی بەڕێوەبرد بەشێوەی کاتی تاوەکو هەڵبژاردنێکی گشتی ئەنجامدەرێت. بەرەی کوردستانی لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن لەوانە: گواستنەوە لە شەرعییەتی شۆڕشگێری بۆ شەرعییەتی یاسایی و دامەزراوەیی، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی (٦) مانگدا، هەروەها هەڵبژرادنی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆی گشتییەوە (عەلائەدین، ٢٠١٣: ل٥٣-٥٩). لەسەر ئەم بنەمایە بەرەی کوردستانی لە مانگی نیسانی ١٩٩٢ یاسایەکی تایبەتی بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان دەرکرد و بڕیاریدا ڕۆژی ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ئەنجام بدرێت بۆ (١٠٥) ئەندامی پەرلەمان، بە بەشداری سەرجەم پارتەکانی نێو بەرەی کوردستانی، بەڵام بۆ گەیشتن بە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ڕێژەی ٧٪ دیاری کرا، واتە هەر پارتێک نەتوانێت ئەم ڕێژەیە لە دەنگ بەدست بهێنێت ناچێتە پەرلەمان(یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢). ئەوەبوو هەڵبژاردن لە وادەی دیاری کراوی خۆی ئەنجامدرا. ئەمەش بۆ یەکەم جار بوو لە باشووری کوردستان دەنگدانی گشتی ئەنجام بدرێت. دەرەنجامی دەنگدانەکە بەم شێوەیە بوو، (پ.د.ک) ٥١٪ و (ی.ن.ک) ٤٩٪ی دەنگەکانییان بە دەستهێنا، پارتەکانی دیکە هیچیان نەیانتوانی ڕێژەی ٧٪ی دەنگەکان بە دەست بێنن بۆ ئەوەی بگەنە پەرلەمان(وێبسایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان، https://shorturl.at/hTsSI ). بەڵام دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان خەریک بوو گرفت بۆ پرۆسەکە دروست بێت، بۆیە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و دەستگرتن بە دۆخەکە ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمانی دابەشکرد (٥٠+٥٠) و (٥) کورسیش بۆ پێکهاتەکان تەرخان کرا (Stansfield, 2003: p95-96).

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، پەرلەمانی کوردستان یەکەم دانیشتنی خۆی لە ١٩٩٢/٦/٥ لە شاری هەولێر ئەنجامدا، لە یەکەم دانیشتندا سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا کە لە (پ.د.ک)بوو، پاشان لە دانیشتنی ١٩٩٢/٧/٢ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دیاری کرا کە پشکی (ی.ن.ک) بوو. بەم شێوەیە یەکەم ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا و دامودەزگاکانی حکومەت دەستیان کرد بە ڕێکخستنی فەرمانگەکانی حکومەت (سەنگاوی، ٢٠١٤: ل٨١٣-٨١٤).

**٤- قۆناغەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان**

دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی سەرەکی بوو لەوەی بتوانرێت فاکتەرەکانی دیکەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری، ئابووری و خزمەتگوزارییە گشتییەکان پەرەیان پێ بدرێت لە پێناو پرۆسەی

نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی قۆناغی شەڕی ناوخۆ لە نێوان ساڵی ١٩٩٤ – ١٩٩٨ بەردەوام بوو کاریگەری نەرێنی دروست کرد لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازیی.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەدەبیاتی پرۆسەی نەتەوەسازیی بەشێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی سێ ئاراستەی گشتییدا ئەنجامدراوە ئەوانیش؛ ئاراستەی یەکەم، پرسەی نەتەوەسازیی گرێ دەدەن بە بزاڤی ناسیۆنالیستی نەتەوەکان، لێرەدا ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوە دەبینێت لە پرۆسەکە خودی نەتەوەسازەکانن (کەسایەتی نەتەوەیی)، ئەوان لە ڕێگەی بزاڤە نەتەوەییەکانەوە کار لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازیی دەکەن. ئاراستەی دووەم، پرۆسەی نەتەوەسازیی لە ناوخۆی خەڵکەوە ئەنجام دەدرێت بەبێ ئەوەی نەتەوەسازەکان دەستیان تێدا هەبێت، لێرەدا چینی دەستەبژێر ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، ئەم ئاراستەیە بە پێچەوانەی ئاراستەی یەکەمە کە جەخت لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەکە دەکاتەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بەڵام ئەم ئاراستەیە لە خوارەوە بۆ سەرەوە ئەنجام دەدرێت. ئاراستەی سێیەم لە پرۆسەی نەتەوەسازیی پەیوەستە بە فاکتەری دەرەکییەوە، واتە لەلایەن دەوڵەتانی دەرەوە بەتایبەت دەوڵەتە زلهێزەکان ئەنجام دەدرێت، ئەم ئاراستەیە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لەلایەن ئەمریکاوە کاری لەسەر کراوە(کەریم، ٢٠٢٤:ل١٩٠).

گۆڕانکارییەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق دۆخێکی تازەی بۆ هەرێمی کوردستان هێنا ئاراوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ڕۆڵەی خۆی بگێڕێت و پەرە بە بنەماکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی بدات، بەتایبەت لەسەر ئاستی گەشەسەندنی ئابووری و پرۆسەی دیموکراسی و یەکانگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ دانی پێدانرا وەک هەرێمێک لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵییدا. پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان بە چەند قۆناغێک تێپەڕووە، لێرەدا قۆناغەکان بەپێی دۆخی سیاسی دابەشدەکەین بۆ چوار قۆناغ:

**٤-١- قۆناغی سەرەتایی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان (١٩٩٢ – ١٩٩٤)**

ئەگەرچی ئەم قۆناغە تەنها دوو ساڵ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بنەمای دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان لەم قۆناغە دارێژران، چ لەسەر ئاستی دەسەڵاتی یاسادانان، یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت. بۆیە لە ڕووی دامەزراوەییەوە ئەم قۆناغە زۆر گرنگە دەربارەی پرۆسەی نەتەوەسازیی، چونکە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ پرۆسەی بە دامەزراوەیی بوون.

لەم ڕووەوە ئەم قۆناغە بە سەرەتاییەکی گرنگ هەژمار دەکرێت لەبەر ئەوەی نەتەوەسازیی چەندین لایەنی گرنگی هەیە، یەکێک لەو لایەنانە پەیوەندی بە بنیاتنانی دامەزراوەکانەوە هەیە کە ئاماژەیە بۆ قەوارەیەکی سیاسی، کە تێیدا دامەزراوەکانی وەک بیرۆکراسی، ئابووری، دەسەڵاتی دادوەری، زانکۆ، خزمەتگوزاری مەدەنی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنەمای بە دامەزراوەیی بوون پەیوەندییەکانیان ڕێکخرا بێ ( Okeke and Others, 2022: p17-27). لەم چوارچێوەیەشدا، بە دامەزراوەیی بوون بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات لە تاکە کەسییەوە یان گرووپێکەوە بۆ دامەزراوەکان، بە ئامانجی ئەوەی دەسەڵات لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی کاروبارەکانی بەڕێوە ببات، بەگوێرەی یاسا و ڕێساکان نەک لەسەر بنەمای ویستی تاکە کەس یان گرووپێک(عبدالکریم، ٢٠٢٣: ل٥٠-٥٣). لە پرۆسەی نەتەوەسازییدا، بنیاتنانی دامەزراوەکان لە پێشێنەی ئەو مەرجانە دانراون کە گەرەنتی سەرکەوتنی پرۆسەکە

مسۆگەر دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو دامەزرانەوە دەتوانن میکانیزمێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لە نێوان گروپە بەرژەوەندییە کێبڕکێکارەکاندا دابنێن لە کۆمەڵگەدا کە مەترسی لەسەر یەکانگیری دروست دەکەن( Hussain, 2014).

نوسەران دارۆن ئاسمۆگلو (Daron Acemoğlu, -١٩٦٧) و جەیمس رۆبنسۆن (١٩٦٠ - James Alan Robinson,)، لە پەرتووکی "بۆچی نەتەوان شکست دەهێنن"جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کلیلی خۆشگوزەرانی بەردەوام بۆ نەتەوەکان بوونی دامەزراوە گشتگیر و گونجاوەکانە، چ سیاسی بن یان ئابووری. بە دامەزراوەیی بوونی دەسەڵات یارمەتیدەرە بۆ دەسەڵات بەشێوەیەکی فراوان دابەش بێت لە کۆمەڵگەدا لە پێناو سەروەری یاسا و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە باشترین شێوە نەک دەسەڵات تەنها لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدابێت کە بەرژەوەندی نوخبەیەک یان گرووپی فەرمانڕەوا لەبەرچاو بگرێت (ئاسمۆگلو و ڕۆبنسۆن، ٢٠١٤: ل٥٤٩-٥٥٩).

نەتەوەسازیی، واتە پرۆژەی بنیاتنانی دامەزراوەکانی دەوڵەت، لەسەر بنەمای سەروەری یاسا و دیموکراسی، هەروەها ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە و کۆکردنەوەی ناسنامە لاوەکییەکان پێویستی بە دەسەڵاتێکی دامەزراوەییەوە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات.

بەر لە دروست بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، واتە پێش ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ئازاری ساڵی ١٩٩١، پارت و لایەنە سیاسییەکان بەرەی کوردستانیان پێکهێنابوو لە کە لە (هەشت) پارت و ڕێکخراوی کوردستانی. ئامانجی ئەم بەرەیە خەباتکردن بوو لە دژی ڕژێمی بەعس و دانانی پلان و کاری هاوبەش لە نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکان بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناغی دوای ڕاپەڕین.

بەرەی کوردستان لە پێناو دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی و ئیداریی لە دوای کشاندنەوەی دامودەزگا و فەرمانگەکانی حکومەت لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەندێک لە ناوچەکانی پارێزگای کەرکوک و دیالە، بۆ ئەوەی دامودەزگاکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەردەوام بن بڕیاریدا تاکوو حکومەتێک لەسەر بنەمای هەڵبژاردن دروست دەبێت و ڕەوایەتی یاسایی و سیاسی وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێککەوتن کرا لەسەر پەیکەرێکی دیموکراسی و فەرمانڕەوایەتی هێڵە گشتییەکانی دامەزراوە یاساییەکان. بەم شێوەیە توانرا ڕەوایەتی شورِشگێری بگوازرێتەوە بۆ ڕەوایەتی دامەزراوەیی (فەقێ، ٢٠١٤: ل٣٣).

بەرەی کوردستانی ئەزموونێکی باشی نێوان پارت و لایەنە سیاسییەکان بوو بە ئامانجی لێکنزیک بوونەوەیان، بۆ ئەوەی بتوانرێت بەیەکەوە لە چوارچێوەی حکومەتێکی یەکگرتوودا خۆیان ڕێک بخەن.

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ و دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٤ی تەمووزی ١٩٩٢، هەرێمی کوردستانی عێراق بووە خاوەنی حکومەتێکی یەکگرتوو. ئەمەش یەکەمین ئەزموونی حوکمڕانی یەکگرتوو بوو لە مێژووی سیاسی کوردستانی باشووردا (Saito, 2002: p261-262).

دوای دورست بوونی پەرلەمان و حکومەت، هەر زوو ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکان سەریهەڵدا، بە تایبەت ناکۆکییەکانی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، لە پێناو ڕێگریکردن لە تەشەنەسەندنی ناکۆکییەکان یەکەم ڕێککەوتنامەی ستراتیژی لە نێوان (پ.د.ک) بە سەرکردایەتی مەسعود بارزانی و (ی.ن.ک) بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی لە ١٩٩٣/١/٢٠ ئەنجامدرا. خاڵە سەرەکییەکانی ئەم ڕێکەتنامەیە بریتی بوون لە جەختکردنەوە بوو لەسەر یەکڕیزی کورد بۆ سەرکەوتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، قەدەغەکردنی پەنابردنە بەر چەک بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان،

پەیرەوکردنی سیاسەتێکی هاوبەش کە لە بەرژەوەندی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستاندا بێت (Salih and Hama, 2021: p6-7).

لەم قۆناغەدا هەرێمی کوردستان گواسترایەوە بۆ دەسەڵاتێکی یاسایی لە ڕێگەی دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بنەمای دامەزراندنی دامەزراوەکان بووە، لە دەرەنجامی بریارێکی بەرەی کوردستانیدا کە لە ١٩٩٢/٤/٧دا پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا. دواتر لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک یاسا و بریاری گرنگ دەکران کە کاریگەری بەرچاویان هەبوو لەسەر پرۆسەی بە دامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان، دەکرێت یاسا و بریارەکان بەم شێوەیە دیاری بکرێن(شەریف، ٢٠١٩: ص83 و وێبسایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان، یاسا https://www.parliament.krd/business/legislation/ و بریارەکان https://www.parliament.krd/business/resolutions/ ):

- دەرکردنی (٣٧) یاسا لەلایەن پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی نێوان (١٩٩٢ - ١٩٩٤)، بەشێوەیەکی گشتی یاساکان پەیوەستبوون بە ڕێکخستنی پەرلەمان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، دەسەڵاتی دادوەریی، وەزارەتەکان، کاروباری پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو پرس و بابەتەنانەی گرێدرابوون بە ژیانی هاوولاتیانەوە لە هەرێمی کوردستان.
- دەرکردنی (١٣٨) بریار لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە ماوەی نێوان (١٩٩٢ - ١٩٩٤)، بریارەکانی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبوو بە ڕێکخستنی کاروباری دامەزراوەکان و پرۆسەی بە دامەزراوەیی کردن لەم ڕووەوە ئەم قۆناغە بە سەرەتاییەکی گرنگ هەژمار دەکرێت لەبەر ئەوەی نەتەوەسازیی چەندین لایەنی گرنگی هەیە، یەکێک لەو لایەنانە پەیوەندی بە بنیاتنانی دامەزراوەکانەوە هەیە کە ئاماژەیە بۆ قەوارەیەکی سیاسی، کە تێیدا دامەزراوەکانی وەک بیرۆکراسی، ئابووری، دەسەڵاتی دادوەری، زانکۆ، خزمەتگوزاری مەدەنی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنەمای بە دامەزراوەیی بوون پەیوەندییەکانیان ڕێکخرا بێت. لەم چوارچێوەیەشدا، بە دامەزراوەیی بوون برتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات لە تاکە کەسییەوە یان گرووپێکەوە بۆ دامەزراوەکان، بە ئامانجی ئەوەی دەسەڵات لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی کاروبارەکانی بەرێوە ببات، بەگوێرەی یاسا و ڕێساکان نەک لەسەر بنەمای ویستی تاکە کەس یان گرووپێک. لە پرۆسەی نەتەوەسازییدا، بنیاتنانی دامەزراوەکان لە پێشێنەی ئەو مەرجانە دانراون کە دەستەبەری سەرکەوتنی پرۆسەکەدەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو دامەزرا وانەدەتوانن میکانیزمێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لە نێوان گروپە بەرژەوەندییە کێبرکێکارەکاندا دابنێن لە کۆمەڵگەدا کە مەترسی لەسەر یەکانگیری دروست دەکەن.

**٤- ٢-قۆناغی پاشەکشەی نەتەوەسازیی (شەڕی ناوخۆ ١٩٩٤ – ١٩٩٨)**

لە مانگی مایسی ١٩٩٤ بە فەرمی شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان دەستیپێکرد، ئەگەرچی پێشتر لە چەند بەرەیەک پێکدادان لە نێوان لایەنەکان ڕوویدابوو، بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان توانرابوو کۆنترۆڵ بکرێت. بۆیە ساڵی ١٩٩٤ بریتی بوو لەو ساڵەی نەهامەتی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان لێکەوتەوە، شەڕێکی ناوخۆیی هەڵگیرسا لە نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) دەمێک چاوەڕێی تەقینەوەی بارودۆخەکە کرابوو (ڕەشید، ٢٠٢٠ :ل٣٠٩). ئەم شەڕە وێرانکاری و زیانی زۆری لێکەوتەوە. بە دەر لە زیانە مرۆیی و گیانییەکان، ئەم شەڕە کاریگەری گەورەی دروستکرد لە زیهنییەتی

تاکی کورد لە هەرێمی کوردستان چ لە رووی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە یانیش لە ڕووی سیاسییەوە بێت(فەقێ، ٢٠١٤: ل٣٤). ئەم شەڕە هێندی تر هەڕەشەی سەر ئەزموونە تازە دروست بووەکەی هەرێمی کوردستانی زیاتر دەکرد، دۆخی هەرێمی کوردستانی لەڕووی یاسایی و سیاسییەوە بە تەواوی شەکەتکردن و دوو ئیدارەیی شوێنی حکومەتی یەکگرتووی نیشتمانی گرتەوە (ڕەشید،٢٠٢٠ :ل ٢٨٠-٢٨١). لەڕووی نەتەوەسازییەوە ئەو بنەما دامەزراوەییەی لە ماوەی سێ ساڵدا کاری بۆکرابوو لەباربردرا، دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان ئاستەنگی زۆر قوڵی بۆ پرۆسەی نەتەوەسازیی دروستکرد، لەڕووانگەی یەکانگیری و یەکگرتووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە (صدیق، ٢٠٢٣:ل٦١. شەڕی ناوخۆ شوناسی گشتی نەتەوەیی وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان پارچە پارچە کرد و شوناسە لۆکاڵی و لاوەکییەکان شوێنی شوناسی گشتی نەتەوەییان گرتەوە، ئەمەش کاریگەری قووڵی کردە ڕووانگە و تێڕوانینی تاکی کورد کە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت زۆر بەروونی ئەم لەیەک دابڕانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە بەدیدەکرێت.

قۆناغی شەڕی ناوخۆیی لایەنەکان لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) کە لە ١٩٩٤ دەستی پێکرد، تا ١٩٩٨ی خایاند، لە روانگەی پرۆسەی نەتەوەسازییەوە بە قۆناغێکی دژوار وسەخت هەژماردەکرێت و کاریگەری نەرێنی زۆری نەک تەنها لەم قۆناغەدا بەڵکو بە جۆرێک لە جۆرەکان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەدیدەکرێت، جا لە نێو کۆمەڵگەدا بێت یان لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا لەسەر ئاستی سیاسی، کۆمەڵایەتی وکەلتوورییەوە(صدیق و شەریف، ٢٠٢٣:ل٦١-٩٠ ).

ئەم قۆناغە بە قۆناغی ناکۆکی توند لە مێژووی هاوچەرخی کورد لە هەرێمی کوردستان ناسراوە. بنەماکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی کە خۆی لە دیموکراسیبوون، بە دامەزراوەییبوون، یەکانگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی، گەشەسەندن و شوناسی نیشتمانی، لەم قۆناغە بە تەواوی بوونە قوربانی و هەموو ئەو دەستکەوتە سەرەتاییانەی لە هەرێمی کوردستان بەدەستهاتبوون لەباربران، لەبەر ئەوەی لە ڕووی سیاسی، ئیداری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، ئابووریی و سەربازییەوە بە شێوەیەکی کردەیی هەرێمی کوردستان دابەشبوو بۆ دوو ئیدارەی تەواو لەیەک جیاواز. ئەم دوو ئیدارەیی هەرێمی کوردستانی وەک یەکەیەکی سیاسی لەیەک دابڕی لەسەر ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە ئەم ماوەیە بۆ پرۆسەی نەتەوەسازیی وەک خاڵێکی نەرێنی زۆر گەورە هەژمار دەکرێت، چونکە پرۆسەکەی بە تەواوی لەباربرد و ئەمەش کاریگەری کردە سەر ئەوەی سیاسەتێکی گشتگیریی نەتەوەیی و نیشتیمانیی لە پێناو جەستەیەکی یەکگرتوو بۆ نەتەوە بەرجەستە نەبێت کە لە قۆناغی یەکەم/سەرەتایی (١٩٩٢-١٩٩٤) بنەماکانی داڕێژراو بوو، هەروەها درووسبوونی دوو ئیدارەیی تەواو جیاواز لە یەکتر ڕۆڵی خراپی هەبوو بۆ ئەوەی هێزێکی نا نیشتیمانیی و دابەشبوو بە سەر پارتەکان دروست بکرێت، لە هەمان کاتیشدا لەسەر ئاستی کۆمەڵگەشدا لە جیانی زمانێکی ستانداری یەکگرتوو، پەیڕەوکردنی سیاسەتیی دوو دیالێکتی (کرمانجی ژووروو و ناوەڕاست) هاتە کایەوە (عەلائەدین، ٢٠١٣:ل٧١-٨٣).

کەواتە، گرنگترین کاریگەری نەرێنی دەرەنجامی ئەم قۆناغە بۆ پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان، دابڕینی خاک بوو لەیەکتری و سنووری ئیداری پارێزگاکانی شێواند و دوو دەسەڵاتی ئیداری سەربەخۆی هێنایە ئاراوە. ئەم دۆخەش وایکرد کە تاکی کورد بە قووڵی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم لەیەکدابڕانە و دۆخی ناسینالیزمی نەتەوەیی بە تەواوی بۆ هۆگری ناوچەیی دابەشکرد (فەقێ، ٢٠١٤: ل٣٤).

**٤-٣- قۆناغی کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ و ئاشتبوونەوەی سیاسی (١٩٩٨ - ٢٠٠٣)**

بەشێوەیەکی گشتی، نەتەوەسازیی گوزارشتە لە پرۆسەی یەکانگیری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری لە نێوان تاک و گرووپە جیاجیاکان لە کۆمەڵگە. ئەم پرۆسە یەکانگیرییەش پێویستی بە سیاسەتێک هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت هەموو جیاوازی پێکهاتەکان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کۆبکاتەوە، ئەمەش پێ دەگوترێت سیاسەتی یەکانگیریی ( The Policy of Integration) جا لەسەر ئاستی سیاسی یان کۆمەڵایەتییەوە بێت.

یەکانگیری لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە خۆی دەنوێنێت لە پرۆسەی کارلێکی پەیوەندییەکان (تاک – تاک، تاک – گرووپ، گرووپ – گرووپ) بە ئامانجی پەسەند کردنی ئەو ڕێسا، بەها و پێوەرانەی بۆ بنەمای کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو پێویستە. بنەمای یەکانگیری کۆمەڵایەتی ویست و ئیرادەی ئازادانەی هاووڵاتی، کەلتووری هاوبەش، هاوکاری و هەماهەنگی و هەست و ویستی پێکەوەییە، دەرەنجام بەرژەوەندی هاوبەش دروست دەبێت (الکامل و العلفي، 2021 :ص 31 ) .

مۆرتن کاپلان پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان (Morton A. Kaplan, ١٩٢١ – ٢٠١٧) یەکانگیری بە ڕێگایەک دەبینێت کە سیستەمە جیاوازەکان دەتوانن پەیوەندییە هاوبەشەکانیان لە بوارە جیاوازەکاندا پەرەپێبدەن بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، هەروەها لەسەر ئەو بنەمایەش کە پرۆسەیەکی ڕێکخراوەییە کە لە ڕێگەیەوە سیستەمەکان هەوڵدەدەن بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان بپارێزن و پەیوەندییەکان ڕێکبخەن (Kaplan, 1957: p7). لە ماوەی (١٩٩٤-١٩٩٨) کوردستان دابەش بوو بەسەر دوو ئیدارەی جیاواز لە یەکتر. هەموو ئەو دەستکەوتانەی لە دوای ڕاپەڕینەوە وەدەستهاتبوون کەوتنە ژێر هەڕەشەوە بەهۆی شەڕی ناوخۆییەوە، دەرەنجامی شەڕەکە کارەسات وماڵوێرانی و زیانی گیانی و ماددی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا(بینگیۆ، ٢٠١٣: ل٣٢٧-٣٢٩)، کە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ لە ڕووی دەروونی و سیاسییەوە لەسەر ئاستی جەماوەر و پارتە سیاسییەکاندا بەدی دەکرێت، بە جۆرێک پرۆسەی نەتەوەسازیی لەم ماوەیەدا بە تەواوی پشتگوێخرا بوو لە لەسەر ئاستی سیاسی، دامەزراوەیی، کەلتووریی و کۆمەڵایەتییەوە.

لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٩٨ بەسەر پەرشتی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا مادلین ئۆلبرایت (١٩٣٧-٢٠٢٢ Madeleine Albright,) ڕێککەوتنامەی واشنتۆن لە نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) ئیمزا کرا. کەڕێککەوتنامەکە جەختی لەسەر پێکهێنانەوەی عێراق لەسەر بنەمای فیدڕاڵی کردەوە. ناوەڕۆکی ڕێککەوتنامەکە چەند خاڵێکی سەرەکی لەخۆ گرتبوو، لەوانە؛ دامەزراندنەوەی ئیدارە و پەرلەمانێکی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان، کۆنترۆڵ کردنی سەرجەم داهاتەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ، قەدەغەکردنی چالاکی و جموجۆڵی بزوتنەوە ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان(عەلائەدین، ٢٠١٣: ل٩٠). ئەم ڕێکەوتنامەیە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٢/١٠/١٦ بە ناوی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٢ پەسەندکرا، یاسای تەسدیقکردنی ڕێککەوتنامەی واشنتۆن بۆ دابینکردنی ئاشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە نێوان هەردوو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بەستراوە، و لە ژمارە (٣٦ ) ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە ٢٠٠٢/١١/٥ بڵاوکراوەتەوە (وەقایعی کوردستان ،٢٠٠٣: ل٢). پەرلەمانی کوردستان دوای هەشت ساڵ، لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ کۆبوونەوەی هاوبەش ئەنجامدرا، دوای لێکدابڕینی زۆر، جارێکی دیکە دۆخێکی سەقامگیر و ئارامی هاتەکایەوە، جۆرێک لە یەکڕیزی

و تەبایی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی، هەم لەلایەن لایەنە سیاسییەکان و خەڵکەوە بەدیکرا. هاوکات ئەم گۆڕانکارییە سەرەتای کرانەوەیەکی ئەرێنی بوو بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. دوای ئەم سەقامگیرییەش هەرێمی کوردستان بووە ناوەندێکی گرنگ و کۆکەرەوەی لایەنە ئۆپزسیۆنە عێراقییەکان. لە هەمان کاتدا دەوڵەتانی ڕۆژئاواش بەتایبەتی ئەمریکا زیاتر گرنگیان بە کورد دا بۆ ئەوەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە بنیاتنانەوەی عێراقی نوێدا ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن (نورەدینی، ٢٠٠٣: ل٤٠٩-٤١٠ .

**٤-٤- قۆناغی وەرچەرخانی سیاسی و ئابووری نەتەوەسازیی (دوای ٢٠٠٣)**

ڕووخانی ڕژێمی بەعس بۆ هەرێمی کوردستان وەک دەرفەتێک بەدیکرا بۆ ئەوەی ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە دووبارە بنیاتنانەوەی دەوڵەت لە عێراق ببینێت. لە قۆناغی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کورد توانی چەندین ماددەی دەستووری جێگیر بکات کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کورد و هەرێمی کوردستانەوە هەبوو. بەم شێوەیە هەرێمی کوردستان لە عێراقی نوێدا توانی ڕۆڵ و پێگەیەکی بەهێز دەستەبەر بکات (محمد، ٢٠١٥: ل٣٣-٣٤).

لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری عێراق هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاویان هەبوو، توانرا بەشێکی زۆر لە خواست و داواکاری کورد جێگیر بکرێت، بۆ نموونە لە پێشەکی دەستووردا دان بە فرەیی پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق دانراوە، بڕیاری یەکگرتن شێوازێکی ئارەزوومەندانەیە. هەروەها لە ماددەی (١)دا شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دیاری کراوە کە فیدراڵییە. لە ماددەی (١١٧) دا بە ڕوون و ئاشکرایی داننراوە بە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵییدا کە خاوەنی دامودەزگا و دامەزراوەکانی تایبەت بە خۆیەتی (دەستووری عێراق، ٢٠٠٥). لە دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ کورد لە عێراق توانی مادەیەکی تایبەت بە ناوچە جێناکۆکەکان لە دستووری جێگیر بکات بە ناوی (١٤٠)، کە درێژ کراوەی ماددەی (٥٨) یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە (٢٠٠٤) بوو. بەپێی ئەم مادده دەستوورییە سێ قۆناغ دیاریکرا بۆ یەکلایکردنەوەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی کێشە لەسەر بەوەی کە ئایا لە چوارچێوەی بەغدا دا بمێننەوە یان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، قۆناغەکانی ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری دانیشووان و کۆتا قۆناغیش بریتی بوو لە ئەنجامدانی ڕاپرسی. کۆتا واده بەپێی ئەوەی لە ماددەکە دیاریکراوە لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ دەبێت ئەم پرۆسەیە جێبەجێ بکرێت. بەڵام تا ئێستا ئەم پرسە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە (Dağdeviren, 2021: s211). ئەگەرچی دوای دەست بەسەر داگرتنی بەشێکی زۆر لە خاکی عێراق لەلایەن داعش لە ساڵی ٢٠١٤ ئەو ناوچانە کەوتنەوە دەست پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بەهۆی لاوازی و شکستی سەربازی حکومەتی فیدراڵی، بەڵام دوای ئازاد کردنی ناوچەکان جارێکی دیکە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ حکومەتی عێراق لە ڕێگەی میلیشیا مەزهەبی و بەهاوکاری دەوڵەتانی هەرێمی ئەم ناوچانەی لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە وەرگرتەوە.

لەلایەکی تریشەوە لەم قۆناغەدا هەردوو لایەنی دژبەیەک (**پ.د.ک و ی.ن.ک**) لەیەکتر نزیک بوونەوە بۆ ئەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستاندا کەمبکەنەوە، لەم چوارچێوەیەشدا لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) ڕێککەوتنامەی یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان ئەنجامدا، پەرلەمانی کوردستانیش ڕێککەوتنامەکەی پەسەند کرد. ئەمەش بووە هۆی بنیاتنانی حکومەتێکی یەکگرتوو (کابینەی پێنجەم) و کۆتایی هێنان بە دوو ئیدارەیی بەشێوەیەکی فەرمی. لەپێناوی یەکڕیزی و ڕێکخستنی نێوماڵی کوردی و سەنگی کوردستان لەپرۆسەی سیاسیی عیراق و هەرێمایەتیدا لە ٢٠٠٧/٧/٢٧ دا (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) بە واژۆی بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی

ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژیی نێوانیان ڕاگەیاند. (عەلائەدین، ٢٠١٣: ل١٠٣-١١٦). بەپێی ڕێککەوتنێکی ستراتیژی نێوان (پ.د.ک) بە سەرکردایەتی مەسعود بارزانی و (ی.ن.ک) بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی، ودەرەنجامی گۆرانکارییەکانی عێراق دۆخێکی نوێ لە هەرێمی کوردستانیش هاتە ئاراوە. لەم چوارچێوەیەشدا پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دانرا، بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ (عەلائەددین، ٢٠١٨:ل٨٢-٩٢). بەپێی یاساکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە هەرێم. ئەم سەرۆکایەتییەش بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوام دەبێت بە شێوەی خولی(ماددەی یەکەم و دووەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٥). سەرۆکی هەرێمی جێگرێکی دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی و هەروەها لە ئامادەنەبوونی سەرۆک جێگر لە شوێنی ئەو کاروبارەکان بەڕێوە دەبات (بڕگەی یەکەم ماددەی سیازدە، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٥). لەسەر بنەمای ئەم یاسایە بۆ یەکەم جار پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٥/٦/١٢ مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژارد (ماددەی (یەکەم) لە هەمواری یەکەمی یاساکە، ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٦).

لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستاندا ڕێککەوتنامەی ستراتیژی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) زەمینەیەکی لەباری ڕەخساند بەرەو ئاراستەی ئاشت بوونەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. لەم چوارچیوەیەشدا یەکێک لە فاکتەرەکان کە کاریگەری ئەرێنی هەبوو لە سەر پرۆسەی فەرمانڕانی و یەکگرتوویی گوتاری سیاسی ئەم رێکەوتنامەیە بوو کە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە.

لەم قۆناغەدا، فاکتەرە ئابووریی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە خۆی لە پەرەپێدانی سێکتەر ی‌وزە (نەوت ، گازی سروشت ی، )پیشەسازی، کشتوکاڵ و ئاودێری،گەشتوگوزار، پەروەردە و خوێندنی باڵا و ئاوەدانکردنەوە و بەیەکەوە بەستنەوەی شارەکاندا دەبینێتەوە، دوای گۆرانکارییەکانی ٢٠٠٣ بە ئاست و قەبارەی جیاجیا فاکتەری کاریگەر و یارمەتیدەر بوونە کە پرۆسەی گەشەسەندنی ئابووری هەرێمی کوردستان و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە دوای شەڕی ناوخۆ بەرەو ڕووی ببوەوە. هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە پەرەپێدانی ئەم سێکتەرانە ببنە هۆی گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانی هاوولاتیان و بەزرکردنەوەی ئاستی بەیەکەوە بەستنەوەی تاکەکان لە چوارچێوەی هەست و شوناسێکی هاوبەش بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی قۆناغی شەڕی ناوخۆ و ناکۆکییە مێژووییەکان، ئەمانەش بەیەکەوە دەتوانن یەکانگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا بێنێت کە لە کۆتاییدا یارمەتیدەری پرۆسەی نەتەوەسازیین( مەجید و قادر، ٢٠١٨:ل ١٠-١١ و فەرمانگەی هەماهەنگی و بە دواداچوون، ٢٠٢٢).

سەرهەڵدانی شەڕی داعش(٢٠١٤)، بەرزبوونەوەی ئاستی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق (دوای ٢٠١٤)، ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان (٢٠١٧)، سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا (٢٠٢٠)، قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) کاریگەری ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەکە.

**دەرەنجام**

پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان تەنها پەیوەست نییە بە دروستبوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک دەرەنجامی ڕاپەڕینی ١٩٩١ و کشاندنەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە سنووری هەرێمی کوردستان، بەڵکو ڕەگوڕیشەی مێژوویی پرۆسەکە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی و بزاڤی

ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان. بۆیە پێویستە بەر لەوەی پرۆسەی نەتەوەسازیی دوای دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان باس بکرێت دەبێت ئاماژەیەک بۆ ڕابردوو یان مێژووی کورد وەک نەتەوە بخرێتەڕوو.

هەرێمی کوردستان یان باشووری کوردستان، کە بەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەڕووی جوگرافییەوە بەشێکی سەرەکی ویلایەتی موسڵی سەردەمی دەوڵەتی عوسانی بوو، لە دوای ئەوەی ویلایەتەکە خرایەسەر دەوڵەتی عێراق بەبێ لەبەرچاو گرتنی ویست و ئیرادەی دانیشتوانەکەی کە زۆرینەی کورد بوون، کێشەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق، بەتایبەت کێشەی شوناس کە کێشەیەکی بنچینەییە لە پەیوەندی نێوان کورد و دەوڵەتی عێراق.

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی کورد لە عێراق پەیوەندیی بە لایەنی نەتەوەیی و شوناسەوە هەبوو، کە هیچ کاتێک کورد خۆی وەک بەشێک لەو شوناسە نەزانیووە کە دەوڵەتی عێراقی لەسەر دروستکراوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کورد خاوەنی تایبەتمەندی شوناس و کەلتووری خۆی بووە. ملکەچ نەبوونی کورد بۆ کەلتوور و شوناسی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای سەروەرێتی بۆ نەتەوەی عەرەب و توانەوەی کورد لەو چوارچێوەیەدا کێشەیەکی چارەسەر نەکراوە کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەردەوامە. بزاڤی نەتەوەیی کوردی لە عێراق کاری لەسەر بەرجەستەکردنی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردی کردووە وەک جێگرەوەیەک بۆ ناسیۆنالیزمی عێراقی. لە پێناو ئاوێزان بوونی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق جۆرەها میکانیزم و ئامراز تاقیکراونەتەوە بەڵام ئاکامەکەی نەگەیشتنە ئەو ئامانجەی کە خۆی لە ئاوێتە بوونی کورد وەک نەتەوە دەبینیەوە لە چوارچێوەی نەتەوەیی عەرەبی لە عێراق.

لە دوای دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، دامەزراوەکان شان بەشانی فاکتەرەکانی دیکەی پەیوەست بە پەیکەر و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری بە ئاراستەی بنیاتنانی نەتەوە هەنگاویان هاوێشتووە. سەرەڕای هەموو سەختی و ئاڵنگارییەکان کە بەرەو ڕووی پرۆسەکە بوونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ئەو بنەما گشتیانەی بۆ پرۆسەی نەتەوەسازیی دیاریکراون، لە هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێن. فاکتەرە سیاسییەکان، دامەزراوەییەکان، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، ئابوورییەکان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان کاریگەری ئەرێنییان هەیە لەسەر بەرجەستە بوونی ئەو بنەمایانەی پێویستن بۆ پرۆسەی نەتەوەسازیی.

**سەرچاوەکان !!! تیبینی / پێویستە بەپێی پیت سەرچاوەکان ڕیزبەندی بکرێت ، نەوەک بە تێکەڵی**

**یەکەم: زمانی کوردی**

**١- پەرتووک**


1) بینگیۆ، ئۆفرا . (٢٠١٣). کوردی عێراق: بنیاتنانی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا، وەرگێرانی: سۆران مستەفا کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

2) حکومەتی هەرێمی کوردستان/فەرمانگەی هەماهەنگی بەدواداچوون. (٢٠٢٢). کارو چالاکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ ساڵدا، هەولێر.

3) ڕەشید، سەڵاح. (٢٠٢٠). شەڕی ناوخۆی کورد؛ بۆچی دەریهەڵدا؟ چۆن گەشەی کرد، سەرئەنجام، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.

4) سەنگاوی، نجم. (٢٠١٤). کوردستان و سەرکردە و دەسەڵات و شۆڕشەکانی لە ١١٦٩- ١٩٩٤، منتدى اقرآ الثقافي.


sjh@univsul.edu.iq

5) سەعید، هیوا عەزیز. (٢٠٠٣). ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠-١٩٣٩)، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، سلێمانی.

6) عەبدولخالق، مەسعود. (٢٠٠٨). مەوسوعەی جودی بۆ چەمک و زاراوەکانی سەردەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

7) عەلائەددین، دلاوەر عەبدولعەزیز. (٢٠١٨). دەوڵەتسازیی نەخشە ڕێگایەک بۆ سەروەر کردنی یاسا و بە دامەزراوەییکردن لە هەرێمی کوردستان، ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری)، هەولێر.

8) عەلائەدین، دلاوەر. (٢٠١٣). نیشتمانسازیی و سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

9) ڤان براوئنیس، مارتین. (٢٠١٧). کورد و مارتین: کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە وتاری مەردمناسی هۆڵەندی مارتین ڤان براوئنیس سەبارەت بە کورد و کورستان، وەرگێران: حەسەن قازی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

(10 گالبرێت، پیتەر. (٢٠٠٧). کۆتایی عێراق، و:مامکاک، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر.

(11 مەجید و قادر، حسامەدین عەلی و پەروێز رەحیم. (٢٠١٨). نیشتمانسازیی خەرمانی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق (١٩٩٢-٢٠١٨)، سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیا پارتی دیموکراتی کوردستان، هەولێر.

(12 نورەدینی،عومەر. (٢٠٠٣). سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد: کوردستانی عێراق وەک نموونە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

(13 ئاسمۆگلو و ڕۆبنسۆن، دارۆن و جەیمس. (٢٠١٤). بنچینەکانی دەسەڵات و خۆشگوزەرانی و هەژاری بۆچی نەتەوان شکست دەهێنن، و: هۆشیار سیوەیلی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

(14 ئەمین، کاوە. (٢٠٠٦). ناسیۆنالیزمی کوردی: خەبات بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی، بەراوردێک لە نێوان سێ پارتی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

(15 ئەندرسۆن، بندکت. (٢٠٠٤). سەرچاوەکانی هۆشمەندی ناسیۆنالیزم، وەرگێران: ئارام جەمال سابیر، لە پەرتووکی ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، سلێمانی.

**٢- تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەر**

16) صدیق، سمیع صابر. (٢٠٢٣). کاریگەری فاکتەرە ناوخۆییەکان لەسەر پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان – عێراق دوای ٢٠٠٣، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، کۆلیژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، هەولێر.

17) عبدالکریم ، ئومێد عبدالقادر. (٢٠٢٣). شیکرنەوەی سروشتی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕوانگەی تیۆری دامەزراووەیی: دەسەڵاتە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان وەک نموونە، تێزی دکتۆرا بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، کۆلیژی زانستە سیاسییەکان، هەولێر.

18) فەقێ، ئەکرەم ئیسماعیل. (٢٠١٤). ئاستەنگە سیاسی و دەستوورییەکانی بە دەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، کۆلیژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، هەولێر.

19) کەریم، هەورامان فەریق. (٢٠٢٤). ۆیادەوەری و نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.
20) محمد، چنار بابکر. (٢٠١٥). کاریگەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستانی – عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، کۆلیژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، هەولێر.

**٣- یاساکان**

21) هەمواری یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٦.
22) یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٢، وەقایعی کوردستان ژمارە (٣٦) لە ٢٠٠٢/١١/٥، ل٢.
23) یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥.
24) یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢.

**٤- جۆرنال**

25) ڕێنان، ئێرنیس. (٢٠٠٩). نەتەوە چییە، وەرگێران: د.موحسین ئەحمەد عومەر، گۆڤاری کوردۆلۆجی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی ژمارە ٢.
26) صدیق و شەریف، سمیع صابر و پ.ی.د. ئەمین فەرەج. (٢٠٢٣). ئاستەنگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢).
27) طاهر، خلیل هەوار. (٢٠٢٤). ڕەنگڤەدانا سیاسی یا بیردۆزێن ناسیۆنالیزمێ ل سەر ناسیۆنالیزما کوردی، گۆڤارا ئەکادیمی یا زانکۆیا نەورۆز، زانکۆی نەورۆز، دهۆک، بەرگ ١٣، ژمارە ١.
28) هالیدای، فەرید. (٢٠٠٨). ناسیۆنالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، وەرگێران: د.ئەنوەر محەمەد فەرج، گۆڤاری سەردەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە ٨، سلێمانی.
29) هەردی، ڕێبین. (٢٠١٠). ناسیۆنالیزم و وەرگێران، گۆڤاری ڕەهەند، سلێمانی، ژمارە ٢.

**٥- وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان**

30) پەرلەمانی کوردستان. مێژووی پەرلەمانی کوردستان، وێبسایتی فەرمی فەرمانی کوردستان. https://shorturl.at/hTsSI (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٤/٩/٢٠).
31) پەرلەمانی کوردستان. یاسا /https://www.parliament.krd/business/legislation و بڕیارەکان /https://www.parliament.krd/business/resolutions )، وێبسایتی فەرمی فەرمانی کوردستان.

**دووەم: زمانی ئینگلیزی**

**١- پەرتووک**

32) Bengio, Ofra. (2012). The Kurds of Iraq: Building a State Within a State, Lynne Rienner Publisher, London.

sjh@univsul.edu.iq

33) Bertrand, Badie. (2014). International Encyclopedia Political Science. USA, Sage Publications.

34) Connor, Walker. (1996). Ethnonationalism: The Quest for Understanding, Brinceton University Press.

35) D. Smith, Anthony. (1979). Nationalism in the Twentieth Century, Australia by Australian National University Press.

36) D. Smith, Anthony. (1991). National Identity, Penguin Books.

37) D. Smith, Anthony. (1996). Memory and Modernity: Reflections on Ernest Gellner's Theory of Nationalism, Nation s and Nationalism, Vol 2, Issue 3.

38) D. Smith, Anthony. (2009). Ethno-symbolism and Nationalism A cultural approach, Routledge.

39) Fukuyama, Francis. (2004). State Building: Governance and World order in the 21st Century, Cornell University Press, New York.

40) Fukuyama, Francis. (2014). Political Order and Political Decay: From the Industrial Revolution to the Globalization of Democracy, USA, Farrar, Straus, and Giroux.

41) Hippler, Cohen. (2005). Nation Building a Key Concept for Peaceful Conflict Transformation, T: Barry Stone, Published by Plato Press, London.

42) J. H. Hayes, Carlton. (1926). Essay on Nationalism, The Macmillan company, New York.

43) Kaplan, Morton. (1957). system and process in international politics, Wiley, New York.

44) L Sills and others, David. (1972). International Encyclopedia of the Social Sciences, Second Edition, The Macmillan Company& The Free Press, Volume 11-12, New York.

45) R. V. Stansfield, Gareth. (2003). Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy, Taylor & Francis, London & New York.

46) Renan, Ernest. (1990). what is a Nation? Translated: Martin Thom, in Book; Nation and Narration, Romi K. Bhabha, Routledge, London and New York.

47) Van Bruinessen, Martin. (2003). "Ehmedi Xani's Mem u Zin and Its role in the Emergence of Kurdish National Awareness" in Abbas Vali, ed., Essays on the origin of Kurdish Nationalism, Mazda Publishers, California.

**٢- تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەر**

48) H. Saeed, Nahwi. (2008). Building a Nation, making a state? The case of Iraqi Kurdistan, 1991 to the present, Master's Thesis, Politics, and International Relations at the Swansea University.
49) Isabella Wanche, Sophia. (2002). Identity, Nationalism, and the State System: The case of Iraqi Kurdistan, PhD dissertation, Institute for Middle Eastern and Islamic Studies, Durham University.
50) Kakarash, Sirwan. (2020). The Challenges of Nation - Building in the Kurdistan Region of Iraq, Master's Thesis, Johns Hopkins University, Baltimore, Maryland.
51) N. Kaya, Zeynep. (2012). Maps into Nations: Kurdistan, Kurdish Nationalism and International Society, PhD Dissertation, Department of International Relations of the London School of Economics.
52) Saito, Miwa. (2002). Nation – Building and Conflict Resolution: The Kurdish in Iraq and Turkey, PhD Thesis, University of ST Andrews.

**٣- جۆرناڵ**

53) Hama & Salih, Dana Ali and Hawre Hasan. (2021). The Kurdish Civil War and Peace Negotiations, 1994–1998, Journal of Asian and African Studies, Volume (1), Issue (24).
54) Okeke and Others, Remi Chukwudi. (2022). The Concept of National-Building: Theorical Expositions, Journal of Humanities and Social Policy, Vol (8), No. (1).

**٤- وێبسایت**

55) Hussain, Ishrat. (2014). Nation – Building: The role of institutions in Bangladesh, Available at: **https://shorturl.at/Ev35T** (last visited: 11.01.2025)

**سێیەم: زمانی عەرەبی**

**١- جۆرناڵ**

56) اندرسون، بندكت. (١٩٩٥). المنابع الوعي القومي، عن الكتاب: القومية: مرض العصر أم خلاصة؟، اعدة للنشر: فالح عبدالجبار، دار الساقي، بيروت.
57) جلنر، ارنست. (١٩٩٥). ماهي الامة؟، عن الكتاب: القومية: مرض العصر أم خلاصة؟، اعدة للنشر: فالح عبدالجبار، دار الساقي، بيروت.
58) دي سميس، انتوني. (٢٠١٤). الرمزية والعرقية والقومية مقاربة الثقافية، ت: احمد الشيمي، مركز القومي للترجمة، القاهرة.
59) زيتون، د. وضاع. (٢٠٠٦). المعجم السياسي، دار أسامة للنشر والتوزيع و دار المشرق الثقافي، عمان.

60) شريف، امين فرج. (2019). الحكم الصالح في اقليم كوردستان دراسة في المقومات والمعوقات (1992 - 2013)، مطبعة حێڤى، اربيل.

61) فندي، رشيد. (٢٠١٠). الفكر القومي الكوردي بين خاني و حاجي قادر الكويي، ط١ .

62) فوكوياما، فرانسيس. (٢٠٠٧). بناء الدولة النظام العالمي ومشكلة الحكوم و الإدارة في القرن الحادي والعشرين، ت: مجاب الامام، العبيكان للنشر، رياض.

63) الكامل و العلفي، محمد عصام. (2021). التعليم والاندماج الاجتماعي في المجتمع اليمني، مجلة رؤى في الاداب والعلوم الانسانية، كلية الاداب، جامعة محمد خضر، بسكرة، مجلد (2)، عدد (3).

64) الكيالي، عبدالوهاب. (١٩٩٠). موسوعة السياسة، ط3، ج23، المؤسسة العربية، بيروت.

65) مؤسسة أعمال الموسوعة. (١٩٩٠). الموسوعة العربية العالمية، ط2، الرياض.

66) الهاشمي، حميد. (٢٠٠٧). نظرية بناء الأمة وقابلية تطبيقها في المجتمعات غير الغربية، الحوار المتمدن، العدد 1973، على الرابط: https://shorturl.at/cI560 (تأريخ الزيارة: ٢٠٢٤/٨/٦)

67) هنتجتون، صمويل. (١٩٩٣). النظام السياسي لمجتمعات متغيرة، ت: سمية فلو عبود، دار الساقي، بيروت.

**چوارەم: زمانی تورکی**

**١- پەرتووک**

68) Hobsbawm, Erik. (2017). Milletler ve Milliyetçilik, Çev: O. Akınhay, Ayrıntı Yayınları, İstanbul.

**٢- جۆرناڵ**

69) Dağdeviren, Zülfü. (2021). Irak'ta Kürt Milliyetçiliği ve Kimliğinin Tarihsel Gelişimi, Akademik Tarih ve Araştırmalar Dergisi, Sayı (5).

**الملخص**

إن عملية بناء الأمة في إقليم كوردستان ,معقدة تاريخياً وثقافياً. فمن الناحية التاريخية، بدأت العملية قبل فترة طويلة من تشكيل حكومة إقليم كوردستان (البرلمان والحكومة 1992) وتجلى ذلك من خلال القومية الكوردية وحركة التحرير في كوردستان - العراق. وخاصة بعد ضم ذلك الجزء من كوردستان إلى الدولة العراقية دون مراعاة إرادة سكانه. ومن حيث البنية، تعد عملية بناء الأمة في إقليم كوردستان نفسها أكثر من مجرد هوية منفصلة عن هوية الدولة العراقية ولم تعتبر نفسها قط جزءًا من هوية الدولة العراقية. وفي هذا الصدد، تهدف هذه الدراسة إلى تقديم إطار تاريخي لتحليل عملية بناء الأمة في إقليم كوردستان بين الأعوام 1992 و2005 وفقًا للمراحل التاريخية.

وفي هذا السياق، فإن الغرض الرئيس من هذه الدراسة هو تحليل عملية بناء الأمة في إقليم كوردستان من منظور تاريخي. ولهذا الغرض، يتضمن بحثنا ثلاثة محاور رئيسة. يقدم المحور الأول مفاهيم الأمة والقومية وبناء الأمة والمبادئ العامة لبناء الأمة. أما الثاني فهو مخصص للقومية الكوردية وتشكيل السلطة السياسية في إقليم كوردستان بعد انتفاضة الربيع عام 1991.

**الكلمات المفتاحية:** الأمة، القومية، إقليم كوردستان، بناء الأمة.

**Abstract**

The nation-building process in the Kurdistan Region is a complex process, both historically and culturally. Historically, the process began long before the formation of the Kurdistan Regional Government (Parliament and Government 1992) and manifested itself through Kurdish nationalism and liberation movement in Iraqi Kurdistan. Especially after that part of Kurdistan was annexed to the Iraqi state without considering the will of its inhabitants. In terms of structure, nation-building in the Kurdistan Region considers itself more of a separate identity from the identity of the Iraqi state and has never considered itself as part of the identity of the Iraqi state. In this regard, this study aims to present a historical framework for the analysis of the nation-building process in the Kurdistan Region during 1992-2005 according to historical stages.

In this context, the main purpose of this study is to analyze the nation-building process in the Kurdistan Region from a historical perspective. For this purpose, our research includes three main themes. The first topic presents the concepts of nation, nationalism, nation-building, and the general principles of nation-building. The second topic is devoted to Kurdish nationalism and the formation of political power in the Kurdistan Region after the 1991 spring uprising.

**Keywords:** nation, nationalism, Kurdistan Region, nation-building.

sjh@univsul.edu.iq